
www.kurdistannet.org
3-10-2006 20:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مام جەلال، ئێمە پیاوی رژێم دەرنەچووین، دەرکەوت کە تۆ داکۆکیت لە ئەنفالچییەک کردووە! ... دەرسیم دیبەگەیی

Darsim2006@hotmail. com

10. 9. 6200 یەکشەممە



هەر لەگەڵ سکاڵا تۆمارکردنمان لەسەر تاوانبار (نزار خەزرەجی)، سەرۆکی سوپای سەددام لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستانو کاولکردنی زۆرتر لە (4000) دێهاتی کوردستان، هەندێک لە پارتە کوردستانییەکانو سەرکردەکانیان کێچ کەوتە کەوڵیانو هەریەکەیان لەئاست خۆیەوە کەوتە نووسینو ناردنی نامەی چەواشەکاری بۆ وەزیری دادی دانیمارکی. هەندێک لەوانەی کە نامەی غوفرانیان ناردبوو: (پارتی دیموکراتی کوردستان - دڵشاد میرانی، بەرپرسی نووسینگەی ئەوروپا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان - ئیحسان عەبدولعەزیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوە).

هەر لایەنەو هەر سەرکردەیەک بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ئێمەیان بەپیاوانی رژێم، پارتی کرێکارانی کوردستانو بەکرێگیراوانی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەت ناودەبردو واشیان نیشاندەدا کە خەزرەجی تاوانباری ئەنفالو کیمیاباران، بێتاوانەو بەشێوەیەک لەشێوەکانیش پەیوەندی بەئەوانەوە هەبووە.

نامەی دڵشاد میرانی، بەرپرسی بیرۆی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 10. 10. 2001دا نووسراوەو تیایدا هاتووە: (نزار خەزرەجی، بەشداری لەو تاوانانەدا نەکردووە کە رژێمی ئێراق لە کوردستان ئەنجامی داون، ئەو دۆستایەتییەکی گەرمو پتەوی لەگەڵ (پ. د. ک) و پارتە کوردییەکانی دیکەو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقیدا هەیە. بەم دواییانە ناوبراو بۆتە ئامانجی هەڵمەتێک لە دانیمارک بۆ سەپاندنی ئەو تاوانانەی کە دژی کورد کراوە بەسەریدا، وەک هێرشە کیمیاوییەکەی هەڵەبجەو جینۆسایدی ساڵی 1988، ئێمە حەز دەکەین جەخت بکەین لەسەر ئەوە کە ئەو فەرمانانە لەلایەن سەرۆکی ئێراقو عەلی حەسەن مەجیدەوە دراون.. ئەم هەوڵدانە بۆ ناشرینکردنی رەوشتی ئەم ژەنەراڵەیەو ئەمە یەکێکە لەیارییەکانی رژێمی سەددام حوسێن، بۆ ئەوەی رێگە نەدات بەرپرسەکانی تری ئێراقی هەڵبێنو پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنەوە بکەن) . ئەو قسانەی دڵشاد میرانی، یەکەم پاکانەکردنە بۆ بێئاگایی خەزرەجی لە ئەنفالو کیمیابارانکردن، دووەمیش ناڕاستەوخۆ تاوابنارکردنی هەموو ئەو کەسانەیە کە هەوڵی بەدادگاییکردنی خەزرەجییان دا بە سیخوڕو پیاوی سەددام. خۆزگە دڵشاد میرانی، لەکاتی هێنانی گاردی کۆماریو تانکەکانی سەددام بۆ ناو هەولێرو پەرلەمانی کوردستان لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان) ەوە، کە هەزاران بەڵگە ئەو پەیوەنییەی سەددامو سەرانی پارتی دەسەلمێنن، هەر بەلای کەمەوە بیگوتایە ئەمە یەکێکە لەیارییە هاوبەشەکانی پارتیو سەددام. ئەگەر میرانی کاتی خۆی قسەیەکی وای بکردایە، ئەمڕۆکە ئێمەش قسەمان نەدەهاتو بێدەنگیمان هەڵدەبژارد!

فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک)، لە نامەیەکدا کە لە 10. 10. 2001دا بۆ وەزیری دادی دانیمارکی ناردووە نووسیوێتی: (فەریقی یەکەمی روکن، نزار خەزرەجی، لەلای ئێمە وەکو کەسایەتییەکی نیشتمانی بێوێنەو ناوو ناوبانگێکی باش ناسراوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە هیچ رۆڵێکی نەبووە لەلێدانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیاویو بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی نەکردووەو کەسایەتییەکی شایستەی پڕ لە رێزو سەنگینە) . ئەوەی دکتۆر فوئاد باسی دەکات هیچی بەسەر

راستییەوە نییەو پاکانە کردنێکە بۆ تاوانبارێکی ئەنفال‌و کیمیاباران، نامەکەی فوئاد مەعسوم، بێوویژدانییەکی گەورەیە بەرامبەر بە قوربانیان‌و بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان. دکتۆر فوئاد هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو لەدیمانەیەکدا لە 18. 11. 2002دا لەگەڵ کەناڵی (ئەی. ئێن. ئێن) ی عەرەبی، گوتی: (سوپای ئێراق بەشداری ئەنفالی نەکردووە، ئەگەر بەشداریشی کردبێت تەنیا بە یەک یان دوو تیپ (فرقە) بەشداری کردووە) . کەچی بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی بەعس خۆیان، فەیلەقی یەک، فەیلەقی پێنج، هێزەکانی ئوسامەی کوڕی زەید، بەدر، قەعقاع، موعتەسەم، ئەمنی سلێمانی، هێزی ئاسمانی‌و جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالەکانیان کردووە.

نامەی مام جەلال، کە لە 28. 11. 2002دا بۆ وەزیری دادی دانیمارکی ناردووە نووسیوێتی: (کاتێ کە خەزرەجی پلەی بەرز بووەوە بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (ی. ن. ک) دا بەست. بەزانیاری تەواوی بەندە (مام جەلال)، ئەو (خەزرەجی) خودی خۆی بەشداری ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەکردووە. وەکو خۆم هەست دەکەم، رژێمی ئێراق هانی (پ. ک. ک) ی داوە لەگەڵ هەندێک کوردی ئێراقی کە مەسەلە تراژیدییەکەی هەڵەبجە کاری تێیان کردبوو، بۆ دانانی پلانێک لەدژی خەزرەجی) . بەر لەهەموو شتێک مام جەلال شایەتییەکی ناڕەوای داوەو پاکانەی بۆ ئەنفالچییەکی وەکو خەزرەجی کردووە، هەروەها بە ناڕەوا تاوانی سیخوڕی کردنی داوەتە پاڵ ئێمە! مام جەلال کە ئامادەبوو هەزاران کیلۆمەتر ببڕێت‌و بێت بۆ دانیماک لەپێناوی داکۆکیکردن لە نزار خەزرەجی‌و سەلماندنی بێتاوانی ئەو، ئەی بۆ ئێستاکە هەر لەپاڵ خۆی لەکۆشکی کۆمارییەوە ناچێتە ئەو دادگایەی کە سەرانی بەعس‌و سەددام دادگایی دەکات، بێتاوانی خەزرەجی بسەلمێنێت؟ مام جەلال کاتێک کە ئەمەیان ناکات‌و دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە نە خەزرەجی ئەو بێتاوانە بوو کە ئەو دەیویست بە ناڕەوا گەواهی بۆ بدات، چونکە لەیەکەم دانیشتنی دادگا بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال لە 21. 8. 2006دا ناوی نزار خەزرەجی لەگەڵ ناوی سەددام‌و دارودەستەکەی لە سکاڵا نامەی دادوەری گشتیدا هات، هەروەها نە ئێمەش پیاوانی رژێم‌و سەددام بووین کە مام ئەو تاوانەی دایە پاڵمان، بۆیە پێویستە دان بەهەڵەی خۆیدا بنێت‌و وەکو رێزێک بۆ بڕوانامەکەی‌و پیشەکەی کە مافناسێتی‌و پارێزەرێتیەو هەردەم شانازییان پێوە دەکات‌و لەزۆر بۆنەدا دەڵێت: (بەندەی موخلیستان هەم وەک پارێزەرو هەم وەک مافناسێک... )، داوای لێبووردن لەکەسوکاری قوربانییانی ئەنفال‌و ئێمە بکات، چونکە داکۆکیکردنەکەی لەتاوانباری ناوبراو سووکایەتییەکی گەورە بوو بە قوربانیانی دەستی رژێم، هەروەها بە بنەماڵەی کیمیابارانکراوو ئەنفالکراوەکان، لەبەر ئەوەی بە ناڕەوا دەیویست ئەو تاوانانەی کە خەزرەجی لەدژی خەڵکی بێتاوانی کوردستان ئەنجامی دابوو بیانسڕێتەوە، هەروەها لەخووتوو خۆڕاش ئێمەشی بەپیاوو سیخوڕی سەددام‌و بەعس ناوبردبوو! مام جەلال، ئەگەر ئامادەی ئەوەشی تیا نەبێت کە نە بێتاوانی خەزرەجی بسەلمێنێت کە ناتوانێت ئەم کارە بکات چونکە سەدان بەڵگەنامە سەرپەرشتی‌و بەشداری ئەو نیشان دەدەن، هەروەها نە ئامادەش بێت داوای لێبووردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان‌و ئێمەش بکات، ئەوکاتە بێ هیچ سێ‌و دوویەک نادادپەروەری خۆی دەسەلمێنێت.

نامەی ئیحسان عەبدولعەزیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوە کە لە 16. 3. 2002دا نووسیوێتی، بەر لەهەموو شتێک بەرواری ناردنی نامەکە کە (16. 3) یە جارێکی تر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، چونکە ناردنی نامەیەکی پڕ لە ناڕاستی لەم رۆژەدا تاوانێکی گەورەیە لەدژی هەڵەبجەییەکان دەکرێت! ئیحسان عەبدولعەزیز، لەکۆپلەیەکی نامەکەیدا دەڵێت: (دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە فەریقی یەکەمی روکن، نزار خەزرەجی، سەرۆکی پێشووی سوپای ئێراق، دۆستی بزووتنەوەکەمانە لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی ئێراق‌و خاوەنی ناوو

ناوبانگێکی باشە لەنێو جەماوەری گەلی کوردستان. ئێمە خەڵکی هەڵەبجەین‌و بەچاوی خۆمانەوە دیومانەو شایەتین لەسەر تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال لە کوردستانی ئێراقدا، لەبەرئەوە دووپاتی دەکەینەوە کە نزار خەزرەجی لەهەردوو تاوانەکە دوورەو کەسێکی نیشتمانی شەریفەو هیوادارین گیانی خۆی‌و خێزانەکەی بپارێزن) . ئەوەی کە ئیحسان عەبدولعەزیز نووسیوێتی هیچ ڕاستییەکی تیا بەدی ناکرێت! باشە بەگوێرەی قورئان موسڵمانان دەبێ تەنیا ڕاستی بڵێن، ئەی ئەو هەموو ناڕاستییەی ناوبراو چییە؟ هەر بەپێی قورئان موسڵمانان دەبێت شایەتی ڕەواو دروست بدەن، ئەی ئەو هەموو ناڕەوایی‌و بێویژدانییەی کە لە شایەتی ئیحساندا بەدی دەکرێت چییە؟ ئەمەش دەقی نامەکەی ئیحسان عەبدولعەزیزە کە بۆ خەزرەجی ناردبوو، ئەویش ڕادەستی دادگای دانیمارکی کردبوو بۆ ئەوەی وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی بەکاری بهێنێت.

www.kurdistannet.org
3-10-2006 20:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

حركة الوحدة الاسلامية في
كردستان العراق
مكتب العلاقات الخارجية

بسم الله الرحمن الرحيم

« و تعاونوا على البر و التقوى »

العدد: ٨١٤
التاريخ: ٢٠٠١/٣/١٦

## الى من يهمه الأمر

نود أن نؤكد بأن الفريق أول ركن نزار الخزرجي رئيس أركان الجيش العراقي الأسبق صديق لحركتنا الإسلامية في كردستان العراق و يتمتع بسمعة طيبة بين جماهير شعب كردستان و بما إننا من مدينة حلبجة و نحن شاهد عيان على جريمة حلبجة و عمليات الأنفال في كردستان العراق و أن الشيخ علي عبدالعزيز مرشدنا و قائدنا العام هو الشاهد ضد النظام العراقي في الأمم المتحدة في جنيف و أعطى شهادته عام ١٩٨٨ و لحد الآن فإن المقر العام للشيخ علي عبدالعزيز و مكتبنا السياسي متواجد داخل مدينة حلبجة لذا نؤكد فإن صدام حسين و علي حسن مجيد التكريتي هما المسؤلان عن جميع الجرائم التي حصلت في كردستان أنذاك و كذلك المسؤلان عن جرائم حلبجة و عمليات الأنفال. نحن نعمل جاهداً من أجل محاكمتهما دولياً كمجرمي حرب و لنا إتصالات واسعة مع منظمة (أندايت) في بريطانيا و الحكومة البريطانية و الأمريكية و الفرنسية من أجل ذلك. لذا فإننا نؤكد لكم بأن السيد الخزرجي بريء من هذين العمليتين و أنه وطني شريف لما سنح له فرصة أعلن عن معارضته للنظام و أنشق عنهم بالرغم من كل الإمتيازات المتاحة له و نحن بإسم حركتنا نطلب من جميع الحكومات الصديقة للشعب العراقي الإهتمام اللازم و الحماية الكافية لحياته و عائلته لأن النظام العراقي نظام إرهابي لا يعمل بالقوانين الدولية و ليس له أي إحترام لحقوق الإنسان.

لأي إيضاحات أو إستفسارات عن السيد الخزرجي لا ترددوا بالإتصالات بنا.

إحسان عبدالعزيز
مسؤول العلاقات الخارجية

P.O. Box 1029, London W2, 6ZT. Tel: 020 7266 4442 Fax: 020 7266 5264